

# قەیرانی ئابووری ڕێگر نەبووە لەوەی هونەرمەندان لە کاری هونەرییان بەردەوام بن

باروودۆخی سەختی ئابووری لە کوردستان ئاستەنگی لەبەردەم گشتیی جومگەکانی ژیان درووستکردووە، لەوانەش بواری هونەری کە پێویستی بە پاڵپشتی دارایی هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هونەرمەندان لێرە و لەوێ ئەگەرچی لە ئاستی پێویست نییە، بەڵام خۆبەخشانە بەردەوامن لە کارە هونەرییەکانی خۆیان، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان باس لە گرنگیی ئەم هەوڵەی هونەرمەندان دەکەن.

**ئەنوەر قادر ڕەشی :** ئەو شانۆکارانەی بێ چاوەڕوانی بودجە و پارە بەرهەمە جددییەکانیان نمایش دەکەن و متمانەیان بە توانای خۆیان و پشتگیری بینەرانیانە، ئەوانەن کە عاشقی شانۆن، سستی و چاوەڕوانیان بۆ بودجە و بێنەوبەردە وەك ئەوە وایە ژیانیان لێ زەوت بکەیت، چونکە هونەر لە خوێنیاندایە و بووە بەو هەوایەی کە هەڵیدەمژن، ڕاستە ئەو هونەرمەندانەش وەك هەر کایەیەکی تری پیشەیی پێویستیان بە پشتگیری دارایی و بەسەرکردنەوە هەیە، بەڵام کاتێ بەهۆی دەسەڵاتەوە بینینی شانۆ کرا بە خۆڕایی، بووە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێ بەرهەمی بێ سەروبەر و سەرپێیی و هاتنە مەیدانی خەڵکانێك کە هیچ توانایەکی هونەرییان نەبوو، ئەوەش هۆکاری سەرەکیی تۆراندنی بینەری ڕاستەقینەی شانۆ بوو، چونکە لە ڕاستیدا ئەو هونەرە باڵایە وەك کتێب وایە، ئەوەی بە پەرۆشەوە کتێبێك دەکڕێ بۆ خوێندنەوەیەتی، بەڵام کاتێ بە خۆڕایی دەستی دەکەوێ، ڕەنگە نەزانێ لە کوێشدا دایدەنێ، بینەری شانۆش کاتێ بلیت دەکڕێ، دەیەوێ چێژ وەرگرێ و بەرهەمێکی ناوازە و هونەری ببینێ. نەك کاتێکی بێ بەهای پێ پڕ بکاتەوە.

ڕەنگە کار کردنی بێ پشتگیری دارایی ئاسان نەبێ، بەڵام عاشقانی هونەر وزەی کار و پشتگیری لە متمانە بە خۆیان و بینەرەکانیاندا دەبینن و هەر ئەوانیش دەتوانن مێژووی نوێی هونەریی بنووسنەوە و ببنە هێمای درەوشاوە و بەردەوامیی شانۆ و ڕۆحێکی نوێی بەبەردا بکەنەوە.





**یاسین قادر بەرزنجی:** هەڵبەت هەڵوێستێکی پەسەندو دڵگیرە، بەڵام بە زانیاریی من هەر لە ساڵانی سەرەتاکانی گەشانەوەی هونەری کوردییەوە لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو، زۆربەی هونەرمەندانی کورد خۆبەخشانە کاریان کردووە و هەرگیز بەرهەمە هونەرییەکان داهاتێکی ئەوتۆیان نەبووە کە سوودێکی وایان پێ ببەخشێ، تەنانەت هەندێ جار بۆ خەرجییەکان و دابینکردنی کرێی بارەگای تیپ و گرووپەکان، هەندێ هونەرمەندی خاوەن پەیام لە نانی خۆیان و ماڵ و منداڵیان گرتووەتەوە. لە ئەمڕۆشدا کە کوردستان بە قەیرانێکی دارایی سەختدا دەڕوات، هونەرمەندی کورد شپرزەیە و نازانێ لە چ دەرگایەك بدات. نووسەرانیش بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمیان بە هەمان شێوە. کەواتە ئامادەبوونی ئەکتەر بە بێ بودجە و بەشداریی شانۆکار و دراماکار و هونەرمەندانی دنیا جوانەکەی ئاواز و میوزیکی کوردی بەبێ پاداشت، کارێکە جێی ستایشە و مایەی نرخاندنە.



**حەمەڕەشـــید هەرەس:** لە ســـاڵی ( ١٩٨٦) کە کوردستانم بە ناچاری و بۆ خۆ رزگارکردن لە چنگی عەرەب بەجێهێشت، هەتا گەڕامـــەوە یەك فلســـم لە پارەی هونەرەکەم نەهاتۆتە گیرفانەوە، بە پێچەوانـــەوە، هەموو بەرهەمێك کە ئەنجامم داون، زۆربەی لە ســـەر گیرفانی خۆم بووە. کەواتە بە درێژایی تەمەنی هونەریم، هونەرم نەکردۆتە سەرچاوەی پارە پەیداکردن. بەڵام ئێستا کە ماوەیەکی کەمە هاتوومەتەوە، بەداخەوە دەبینم بازرگانی بە هونەرەوە دەکرێت تەنانەت کۆمپانیا بۆ ئەم جۆرە بازرگانییە دروســـت بوون، ئەوەی راستی بێت بەم دواییە چەند جارێك منیش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە پارەی بەرهەمەکان سوودمەند بووم، چونکە دەمبینی کەســـانێك بازرگانیان بە هونەرەکەمەوە دەکرد، نەدەکرا بڵێم من پارەم ناوێت، لە کاتێکدا کەســـانێك دەیانویســـت کڕین و فرۆشتن بە بەهرەی هونەرمەندانەوە بکەن.

ئێســـتا لەم قەیرانە جۆراوجۆرانەی کوردســـتانەوە، کە هونەرمەندان خۆبەخشانە دێنەوە مەیدانی هونەر و چاوەڕوانی پاداشت نین، ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ڕەسەنایەتییەکەی جاران کە باسم لێوە کرد. هونەرێك بۆ نەتەوە و جەماوەر بێت، بۆ سەرخستنی دۆزی کورد بێت، هونەرمەندێك نەتەوەیی بێت و مەبەست و مەسەلەی هەر بۆ سەرکەوتنی رەوتی خاك و نیشتمانەکەی بێت، دەبێت پارە بدات تا هونەرەکەی بگاتە جەماوەر، نەك پارە وەربگرێت، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ستافەکە بە گشتی سوودمەند نەبن، چونکە ناکرێت هونەرمەند خۆبەخشانە کار بکات و بەرهەمهێنەرەکان بازرگانی پێوە بکەن.

قەیرانی ئابووری نابێتە هۆی بەستنەوە و ئیفلیج کردنی هونەر، چونکە هونەرمەندی راست ئەو کاتە داهێنان دەکات کە برسی و خاوەن مەسەلە بێت، پێموابێت لەم کاتەشدا هونەر جوانتر دەدرەوشێتەوە .ئەو کاتەی هونەرمەندان لەژێر سایەی داگیرکەری عەرەبدا جەماوەریان هونەرباران دەکرد و ناوازەترین هونەریان دەدا بە دەســـتەوە، ئەو کاتە هەمووی برســـی نان و ئازادی بوون، ئێستاش کە قەیران و قات و قڕی داراییە، پێموایە رۆڵی هونەری بەرخۆدان وەك زێڕ بەم تەنگژانە زاخاو ئەدرێتەوە، مەبەســـتم هونەرمەندی نەتەوەییە.





**هیوا ســـوعاد:** بەردەوامبوونی هونەرمەندان لە بەخششـــی هونەری و ئەنجامدانی کاری هونەری بە خۆبەخشانە خۆی لە خۆیدا دوو واتا دەگەیەنێ، یەکەمیان: خۆشەویســـتی و پابەندبوون و ئینتیمانە بۆ خاك و وڵات و نەتەوە، دووەمیان: حـــەز و ئارەزوویانە لە بەردەوامبوون لـــە کاری هونەری و ئەفراندن هەرچەندە بارودۆخەکە زۆر نالەبارە، هونەرمەندان مەبەســـتم هونەرمەندی راســـتەقینەیە، دەیانەوێ پەیامێك بگەیەنێتە بینەر و بەرپرســـانی وڵاتەکە کە هەرگیز مادده پێوەری کارە هونەرییەکان نابێت و هیچ کاتێکیش مساوەمە لەگەڵ کێشـــە و نەهامەتییەکانی میللەتەکەیان ناکەن و لە داهێنان و بەخشش پێشەنگ دەبن.

**عەنان عوسمان:** ئەو پەڕی دڵسۆزی خۆشەویستی بۆ کوردستان و بڵاوکردنەوەی رۆشـــنبیری و هیوای ئاســـۆی گەش بۆ نەتەوەکەمان بە کاری هەرە لە پێشینەی هونەرمەندان دەزانم. لەو سۆنگەوە من وەك سینەماکارێك بە هاوکاری و هاوبەشی پۆلێك لە هونەرمەندانی ئازیز هەستمان بە لێپرسراویەتی کرد و فیلمی ســـینەمایی مەملەکەتی مێروولەکانم خۆبەخشانە بەرهـــەم هێنـــا. مێژوو رەحم بـــە کەس نـــاکات و لەم کاتە ناهەموارەدا دەبێت هەڵوێســـی نیشـــتیمانپەروەریمان هەبێت و بە رۆحی پێشـــمەرگانەوە کار بکەین، راســـتە رەنگە کاری خۆبەخشانە هەندێك هەژاری لە رووی تەکنیکی و هونەریی پێوە دیار بێت، بەڵام باشترە لە بێدەنگی.

# حەسنا مەتەرە دگەڕێتەوە و (بەدەوی) دەکاتە دیاری



خاتوو هونەرمەندی لوبنانی حەسنا مەتەر لەتۆمارکردنی نوێترین گۆرانی خۆی بەناوی (بەدەوی) تەواو بوو. گۆرانی (بەدەوی) نوێترین گۆرانی و کلیپی هونەرمەند حەسنا مەتەرە کە گۆرانییەکی تایبەت بە فولکلۆری لوبنانییە، لە هۆنراوەو ئاوازی رواد سەعبە و لە ستودیۆکانی تۆنی سابا تۆمار کراوە.
هونەرمەند حەسنا مەتەر کە بەهۆی چەند کارێکی هونەرییەوە ئێستا لە شاری هەولێرە لە لێدوانێکی تایبەتدا رایگەیاند: گۆرانی (بەدەوی) نوێترین کاری هونەریمە، کەناڵی LBC لوبنانی کاری پەخشکردن و دابەشکردنی گۆرانییەکەی لە ئەستۆ گرتووە، وا چاوەروان دەکرێ بەم نزیکانە لە کەناڵەکان نیشان بدرێت.
گوتیشی: ماوەیەك بەر لە ئێستا لە وێنەگرتنی گۆرانییەکە تەواو بووین کە ماوەی ٣ رۆژی خایاند لە شارەکانی بەعلبەك و جۆنێی لوبنانی وێنەی گیرابوون، بەداخەوە بەهۆی ئەم رووداوانەی دوایی شاری بەیروت کارەکانم ماوەیەك دوا کەوت، بەڵام سوپاس بۆ خوا لە ئێستادا کارەکە تەواو بووە، تەنها ماوە لە کەناڵەکان نیشان بدرێت.
حەسنا مەتەر زیاتر گوتی: هەفتەی داهاتوو سەردانی شاری دوبەی دەکەم و لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بە فەرمی تەواوبوونی گۆرانییەکەم رادەگەیەنم، هەروەها چەندین چاوپێکەوتنی هونەری لەگەڵ دەزگا راگەیاندنەکان ئەنجام دەدەم، لە بەرنامەشمدایە بۆ ئاهەنگەکانی سەریساڵ بگەڕێمەوە هەرێمی کوردستان. شایەنی باسە، ماوەیەك بەر لە ئێستا باوکی هونەرمەند حەسنا مەتەر لە لوبنان بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد، ئەوەش وایکرد زۆربەی کارە هونەرییەکانی بەم کارەساتە دوا بکەوێت.



# جاکلین لە پێش کاتریناوە دێت

هونەرمەند و ئەکتەران لە هەر شوێنێك بن وەك لە یارییە وەرزشییەکان جۆرێك لە رکابەرێتی لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر بە روونیش نەبێت، رکابەرێتییەکەش تەنیا لە بواری نواندن و بینینی رۆڵی سەرەکی نییە لە کارە هونەرییەکاندا، بەڵکو لە کۆکردنەوەی داهات و بەدەستهێنانی خەڵات و داهاتە.
رۆژنامەکانی هیندستان رایانگەیاند تا ماوەیەك بەر لە ئێستا کاترینا کایفی هیندی ئەستێرە و باڵیۆزی یەکێك لە مارکە بەریتانییە سەرەکییەکانی کەرەستەی جوانکاری بوو بێ ئەوەی ناوی کۆمپانیاکە ئاشکرا بکرێت، بەڵام دوای ماوەیەکی زۆر جاکلین فیرناندیزی ئەستێرەی بۆڵیۆدی بە رەچەڵەك سیریلانکی شوێنی کاتریناى گرتەوە دوای ئەوەی کۆمپانیاکە گرێبەستێکی لەگەڵدا مۆر کرد و بۆ دوو ساڵی داهاتوو دەبێتە باڵیۆز و ریکلام لە سەرتاسەری جیهان بۆ ئەو کۆمپانیایە دەکات، بەپێی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکان ئەم هەنگاوەی کۆمپانیاکەی گەڕاندەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی جەماوەریی جاکلین لەسەر ئاستی هیندستان و جیهان، رۆژنامەی BizAsia لە چەند سەرچاوەیەکی نزیکی کۆمپانیاکەوە رایگەیاند ماوەی دوو ساڵە ناوی کاترینان بەو کۆمپانیایە بەسترابۆوە، بەڵام ئێستا ئەوان دەیانەوێ هەڵمەتێکی نوێ دەست پێبکەن باڵیۆزێکی نوێشیان هەڵبژاردووە و دوای ئەوەی بە ماوەیەك چاودێریی بارودۆخی بۆڵیۆدی و ئەستێرەکانی کرد پێیان باش بوو لە شوێنی کاترینا پشت بە جاکلین ببەستن و دڵنیاشن لە سەرکەوتنیان لەم هەنگاوە نوێیەدا.



# وەرزش بەشێکی نەپچڕاوە لە ژیانی جیسیکا ئەلبا

زۆربەی هەرە زۆری ئەستێرە سینەماییەکان و گۆرانیبێژان بەشێوەیەکی بەردەوام یارییە وەرزشییەکان ئەنجام دەدەن تەنانەت لە گەشت و گەڕانیشیاندا لێی دوور ناکەونەوە و بەردەوام دەبن لە ئەنجامدانی، بۆ ئەوەی لەشێکی ڕێك و گونجاویان هەبێت، هەر ئەستێرەیەك جۆرێکی تایبەتی وەرزش ئەنجام دەدات کە لەگەڵ لەش و شێوەی رووخساری و تەنانەت ئەو رۆڵانەی ئەنجامی دەدات بگونجێت.

جیسیکا ئەلبا حەز ناکات روو لە یانەیەکی وەرزشی بکات بۆ ئەنجامدانی وەرزش، بەڵام زۆر بە جیددی پابەندە بەو بەرنامە وەرزشییەی کە راهێنەرەکەی بۆی دیاری کردووە و زیاتر پشت بەو وەرزشانە دەبەستێت کە خێرایی لێدانی دڵ زیاد دەکەن لەگەڵ وەرزشەکان گەدە و بەرگەگرتن کە یارمەتیی دەدات بۆ بەهێزکردن و زیادکردنی ماسوولکەکانی لەشی.

لەم بارەیەوە جیسیکا دەڵێ: من گشت ئەو وەرزشانە ئەنجام دەدەم و هەفتانە ٥-٦ جار ئەنجامیان دەدەم و هەر جارێك تەنیا یەك کاتژمێر بۆ وەرزش تەرخان دەکەم و بۆ ئەوەی بتوانم زۆرترین کالۆری بسووتێنم و کێشم کەم بێتەوە زیاتر پشت بە راکردن و کیك بۆکسینگ دەبەستم، جیسیکا زیاتر دەڵێ: وەرزش بووەتە بەشێکی نەپچڕاو لە ژیانم و مانەوەی شێوەی لەشم بە رێکی و هەوڵمداوە بە هیچ شێوەیەك لێی دوور نەکەومەوە، تەنانەت دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ منداڵم بوو تەنیا ماوەی سێ هەفتە نەمتوانی وەرزش ئەنجام بدەم، بەڵام دواتر دەستم بە وەرزش کردەوە و رۆژانە زیاتر لە یەك کاتژمێر وەرزشی بەهێزکردن و زیادکردنی ماسوولکە و راکردنم ئەنجام دەدا.

## ناتالیا:

# سەرکەوتنی کورد لە هەر کوێیەک بێت مایەی سەربەرزییە بۆ هەموومان

**لە دوای ئازادبوونی باشووری کوردستان و بەتایبەتی دوای رووخانی رژێمی فاشیی بەعس، کورد لە هەر کوێیەك بن، چاویان لە ئەزموونی ئەم بەشەی کوردستانە و بە مایەی هیوا و ئاواتی دادەنێن بۆ پارچەکانی دیکەش، هێرشە درندەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر هەرێمی کوردستان و لە لایەك بووە مایەی دڵگرانی کوردان و لە لایەکی دیکەشەوە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستاندا هیوا و ئومێدی بۆ کوردان گەڕاندەوە کە میللەتی کورد خاوەن هێزێکی پۆڵایینە و پشتی ئەستوورە بە هێزی جەماوەر.**
**هونەرمەندانی کورد لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان وەك ئەرکی سەر شانی خۆیان بە گۆرانی و سروود پشتیوانی و پشتگیریی خۆیان بۆ هێزی پێشمەرگە دەربڕی.**

ناتالیا خانمە هونەرمەندێکی دەنگخۆشی کوردی وڵاتی ئۆکراینایە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە و لەو کاتەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی و بەردەوام لە بۆنە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان بە گۆرانییەکانی گوزارشتی لە خۆشەویستیی بۆ نیشتیمان دەربڕیوە، دوای سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و رزگار کردنی لە رێگای گۆڤاری گوڵانەوە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی و لەم بارەیەوە وتی: یەکێك لەو نەتەوانەی کە مێژوو غەدرێکی زۆری لێکردووە نەتەوەی کوردە، چونکە زۆربەی نەتەوەکانی جیهان بە مافەکانی خۆیان شاد بوون و بوون بە خاوەنی دەوڵەتی خۆیان، تەنیا ئێمەی کورد نەبێت کە قەدەرمان وابوو دەست بە خەبات و کۆشش بکەین بۆ پاراستنی بوونی خۆمان و زمان و کەلتووری نەتەوەییمان، بە هۆی ئەوەی ژێردەست بووین و وڵاتمان داگیر کراو بوو، دوژمنان هەمیشە هەوڵیانداوە مۆرکی نەتەوەیی و کەلتووری ئێمە بە هەموو شێوەیەك بسڕنەوە، بەڵام میللەتی کوردستان کۆڵی نەدا و بە درێژایی مێژووی دەستی کرد بە خەبات لە هەموو روویەکەوە و توانییان بوونی خۆیان بپارێزن، دوژمنان هەموو جۆرە چەك و توانایەکی سیاسی و دبلۆماسی و سەربازی خۆیان دژی میللەتەکەمان بەکارهێنا، لە رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی و بن پێ خستنی مافەکانمان تا دەگاتە قەتلوعام کردن و ئەنفال و کیمیا باران و و دوایین جاریش تیرۆریستانی داعش.
ئەم خانمە هونەرمەندە کوردەی ئۆکرانیا ئاماژە بۆ خۆراگریی نەتەوەی کورد دەکات دەڵێ: ئێمە خاوەن وڵاتێکین کە داگیر کراوە و جگە لەوەش بەسەر چوار وڵات و سێ کەلتووری جیاواز دابەش کراوە و دوژمن و داگیرکەرانیش بەر لە هەر شتێك بیریان لە نە هێشتنی زمان و کەلتوور و هونەری ئێمە داوە و لەکەداریان کردووە، تەنانەت بۆ ساڵانێکی زۆر لەم وڵاتانە تەنانەت قسەکردنیش بە زمانی کوردی قەدەغە بوو و لە بارودۆخێکی ئاوادا تەنیا پاراستنی زمانی کوردی بۆ خۆی دەستکەوتێك بووە، بەڵام کورد نەتەوەیەکی ژیاندۆستە بۆیە بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە بەرامبەر بە دوژمنانی وەستایەوە، بە درێژایی مێژوو ئەو سیاسەت و هێرش و دڕندایەتییەی دژ بە کورد بەکارهێنراوە، ئەگەر بەرامبەر هەر میللەتێکی دیکە بەکارهێنرا با بێگومان نەیدەتوانی بەردەوام بێت و لە ناو دەچوو، بەڵام ئیرادەی بە هێزی ئێمە و هەست کردن بە ژێر دەستی و قبوڵ نەکردنی ئەو واقعە توانیی بەسەر کۆت و بەندەکان زاڵ بێت و بوون و وجوودی خۆی بسەلمێنێت، بەمەش دۆست و دوژمنانی ناچار کرد رێز لەم قوربانیدانە بگرن.
ناتالیا لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێ: دوژمنان چەندین شێوازی دژایەتی کردنی کوردیان بەکارهێنا لە هەموو پارچەکانی کوردستان بۆ ئەوەی هەستی نەتەوایەتیمان خامۆش بکەن و نەتەوەیەك نەمێنێت بە ناوی کوردەوە بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندا مۆرکی کوردی بەسەر زمان و کەلتووری رەسەنمانەوە نەمینێت و بە ئاگر و ئاسن دەستیان بە پیادە کردنی ئەم سیاسەتە کرد، بەڵام دوای ئەوەی گشت هەوڵەکانیان سەرکەوتوو نەبوو بیریان لە شێوازی دیکە کردووە، دوایین شێواز کە دوژمنانمان پیادەیان کرد، هێرشی دڕندانە و نا مرۆڤانەی تیرۆریستانی داعش بوو، راستە داعش دوژمنی مرۆڤایەتییە، بەڵام ئەوەی بەرامبەر بە کورد بە گشتی و



کوردانی ئێزیدی بەتایبەتی ئەنجامیدا لە مێژووی جیهاندا وێنەی نەبووە مەگەر لە سەردەمە تاریکەکانی مێژوو نەبێت، چونکە دوای تاڵان کردنی سەر وماڵیان پیاوەکانیان کوشت و ئافرەت و منداڵانیان بە سەبایە رفاند ئەمەش نیشانەی دواکەوتوویی ئەمان و ڕێژەی دوژمنایەتییان بۆ کورد نیشان دەدات.

نەتالیا لە کۆتاییدا دەڵێ: سەرکەوتنی کورد بەسەر داعش ئومێدێکی زۆری پێ بەخشین و بووە مایەی خۆشحاڵیی کورد لە هەر شوێنێك بێت، ئازاد کردنی کۆبانی و شەنگال سەلماندی کە ئێش و ئازاری کورد یەکەوە بە یەکگرتوویی دەتوانن سەرکەون بەسەر هەموو دوژمنان ئەگەر چەندیش دڕندە و داخ لە دڵ بن و سەلماندی کە ئەستەمە کورد واز لە خاکی خۆی بهێنێت لە هەر شوێنێك بێت و ئامادەیە خۆی بکات بە قوربانی وڵاتەکەی.